# نزار خەزرەجی حەوت رۆڵەی شاری هەڵمەتو قوربانی گوللەباران دەکات!

## بەشی یەکەم (1 – 3)




نزار خەزرەجی، سەرۆک ئەرکانی راکردووی سوپای ئێراق لە (17.11.1938)دا لە شاری (موسڵ)ی کوردستانی بەعارەب کراو لەدایک بووە، ناوبراو یەکێک بوو لە ئەفسەرە ناسراوو دڕندەکانی (پارتی بەعسی سۆسیالستی عارەبی)و، یەک لەدوای یەک پلەو پایە سەربازییەکانی بڕیوە تاوەکو گەیشتۆتە سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێراق. ناوبراو لەساڵی (1956)دا چۆتە ریزی پاتی بەعسو، لەساڵی (1955)دا چۆتە کۆلیژی سەربازیو لەساڵی (1958)دا خولی (34)ی کۆلێژی سەربازی تەواوکردووەو بەپلەی جیدار (مولازم) لەهێزەکانی تایبەت (قوات الخاصة )ی سوپادا دامەزراوە. لەمە بەدواوە بۆتە فەرماندەی کەرت (فەسیڵ)و پۆل (سریە)، هەروەها مامۆستا لەخوێندنگای هێزەکانی تایبەت، تاوەکو لەساڵانی (1966-1968)دا چۆتە کۆلیژی ئەرکان بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندن. بۆ ماوەیەکی کورتیش وەکو ئەفسەری روکن لە لیوایەکی زرێپۆش کاری کردووە، ئینجا وەکو یاریدەدەری فەرماندەی فەوج کاری کردووە. دوای کۆدەتا شوومەکەی (14.7.1968)ی بەعس سەرەتا لە (ئەحمەد حەسەن بەکر) نزیک کەوتۆتەوەو دواتریش لە (سەددام حوسێن). خەزرەجی بۆ ماوەیەک دەگوازرێتەوە بۆ دەرەوەی ئێراقو، دەکرێت بە یارمەتیدەری ئەتاشێی سەربازی (معاون ملحق العسكري) لەباڵوێزخانەی ئێراق لە مۆسکۆ. لەسەرەتای ساڵی (1971)دا دەیگەڕێننەوە ئێراقو دەکرێتە فەرماندەی فەوجێکی هێزەکانی تایبەت بەپلەی پێشەنگ (نەقیب). لەنێوان ساڵانی (1970-1975) لەسەربازگەی خالید بووە لە کەرکوکو ساڵی (1974) بەرز بۆتەوە بۆ پێشڕەو (رائید)و فەرماندەی هێزەکانی تایبەت (قوات الخاصة ) لە لیوای (65) هەر لە کەرکوک. خەزرەجی دوای سەپاندنی شەڕ بەسەر گەلەکەمان لەساڵی (1974)دا بەشداری تەواوی شەڕەکانی کوردستانی کردووە. لەسەرەتای ساڵی (1975)دا دەکرێت بە ئەتاشێی سەربازی لە نیودەلهی - هیندستان. دوای نزیکەی دوو ساڵ واتە لەساڵی (1977)دا دەگەڕێتەوەو ئەوجارە بۆ ماوەیەک دەکرێت بە وانەبێژ لە کۆلیژی ئەرکانو، دواتریش بەفەرماندەی لیوای پیادەی (5)ی هێزی چیا (امر قوة الجبلية )، ساڵی دواتر واتە (1978) بە پلەی پێشکار (موقەدەم) دەکرێت بە فەرماندەی تیپی (7)ی بنکە لە سلێمانیو بەشداری شەڕی پارتیزانانی کوردی کردووەو، دەستی هەبووە لەگرتنو لەسێدارەدانی دەیانو سەدان رۆڵەی قارەمانی کوردستانی. هەر لەو تیپەدا بوو کە پلەکەی بەرزکرایەوە بۆ سەرهەنگ (عەقید)و دواتریش سەرتیپی روکن (عەمیدی روکن)، تیپی (7) کە بە هێزەکانی مەنسور (قوات منصور) ناسرابوو سەر بە فەیلەقی (1) بوو. خەزرەجی زۆر دڵسۆزانە درێژە بەژیانی سەربازێتیو بەعسێتی خۆی دەدات تا کۆتایی ساڵی (1983). هەر لەسەرەتای ساڵو لە (9.1.1984)دا بەپلەی سەردار (ليوا)و بە فەرمانێکی سەددام دەکرێت بەفەرماندەی فەیلەقی (1)، هەر فەرماندەی ئەو فەیلەقە بوو کە کرا بە سالاری روکن (فەریق روکن). خەزرەجی تاوەکو (14.7.1987) لەو پۆستەدا دەمێنێتەوە، لەو بەروارەداو بە بۆنەی کۆدەتای (14ی تەموز)و بەفەرمانێکی تری سەددام دەکرێت بە سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئێراق. ئەوکاتەی کە تۆمەتبار نزار خەزرەجی فەرماندەی فەیلەقی (1)و سەرۆکی ئەرکانی سوپا بووە، بەسەدان هەزار هاووڵاتی کوردستانی لەسەردەستی سوپاکەی ئەو دەستگیرکراون یان کوژراونو ئەنفالکراون، لەگەڵ کاولکردنی نزیکەی (4500) دێهاتی کوردستان. خەزرەجی خۆی لەکاتی لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا لەپێناوی وەرگرتنی مافی پەناهەندەیی لە دانیمارک باسی ئەوەی کردووە کە ژمارەی قوربانیانی ئەنفال (182) هەزار نییە وەکو کوردەکان خۆیان باسی دەکەن، بەڵکو راستییەکەی ژمارەی قوربانییەکان (250) هەزار کەسن، هەروەها دانی بەوەدا ناوە کە دوای ئەنجامدانی شاڵاوی ئەنفالی یەکەم بە مانگێکو (5) رۆژ لەلایەن (سەددام)ەوە خەڵاتکراوەو مەدالیای (وسام سيف القادسية )و (وسام الرافدين – بدرجة الامتياز)ی پێدراوە.

**دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن لەشکرەکەی سەددام لە (2.8.1990)دا، نزار لە (19.9.1990)دا لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا لادەدرێتو دەکرێت بەڕاوێژکاری سەددام بۆ کاروباری سەربازی. لەگەڵ هێرشی هاوپەیمانەکان بەسەرکردایەتی ئەمەریکا، خەزرەجی لە (22.1.1991)دا دەکرێت بە سەرپەرشتکەری هێزی ئەرک راپەڕێن لە کوردستان - موسڵو، هەردوو فەیلەقەکانی یەکو پێنجی پێدەسپێرن لەترسی هاتنی سوپای هاوپەیمانان لە تورکیاوە بۆ ناو کوردستانو ئێراق، لە لایەکی تریشەوە لەترسی سەرهەڵدانی راپەڕینی جەماوەری لە کوردستاندا. دوای نزیکەی مانگێک بەسەر ئەو شەڕەدا هێرشی زەمینی بۆ سەر هێزەکانی سەددام بۆ ناو خاکی ئێراق دەستی پێکرد، لەوکاتەدا سەددام فەرمانیدا خەزرەجی بکرێت بە سەرپەرشتکەری هێزی ئەرک راپەڕێن لە (ناسریە)ی باشووری ئێراقو، سەرپەرشتیکردنی (5) فەیلەقی پێسپارد لەپێناوی رووبەڕووبوونەوەی هێزی هاوپەیمانەکانو راپەڕیوانی شیعە. لەهێرشەکانی شیعەکان بۆ سەر سوپای بەعسو سەددام لە ناسریە، خەزرەجی چوار گوللەی بەر دەکەوێتو بەسەختی بریندار دەبێت، بەبرینداریو لەژێر چاودێرییەکی توندی راپەڕیوانی شیعە دەگەیەنرێتە نەخۆشخانەی شارەکەو تیمار دەکرێت. بەڵام لەدوای چەند رۆژێکداو لەدژە هێرشێکی بەعسدا بۆ سەر راپەڕیوەکان سوپای سەددام توانی ناسریەو ناوچەکانی تری باشووری ئێراق داگیرکاتەوەو خەزرەجیش ئازاد بکات. دوای ماوەیەک پلەکەی بەرز دەکرێتەوە بۆ پایەدار (فەریقی یەکەم). خەزرەجی وەکو راوێژکاری سەربازی سەددام مایەوە تا دەرچوونی لە رۆژی پێنجشەممە (14.3.1996)دا بە یارمەتی پارتی دیموکراتیی کوردستان. دوای بەسەربردنی چەند ساڵێک لە ئوردەنو ئیسپانیاو چەند سەردانێکیشی بۆ لەندەن، لەڕۆژی شەممەی (3.7.1999)دا دەگاتە دانیمارکو داوای مافی پەناهەندەیی دەکات. ئەنجومەنی پەناهەندان داواکەی ناوبراو رەتدەکاتەوە، چونکە ئەنجومەنەکە پشتی بەستووە بەقسەکانی خەزرەجی خۆی کە باسی ئەوەی کردووە خۆی سەرپەرشتی شاڵاوەکانی ئەنفالەکانی کردووە لەدژی کوردەکان لەساڵی (1988)دا، هەروەها سەرەڕای ئەوەی کە زانیویەتی بەچەکی کیمیاوی لەشاری هەڵەبجە دراوە، کەچی بەبەردەوامی سەربازو سوپای ئامادەکردووە بۆ عەلی حەسەن مەجیدو ئەنفالی کوردیان کردووەو دێهاتەکانیانی کاولکردووە. ئەنجومەنەکە پێی وایە خەزرەجی بەرپرسێتی تەواوو بەشداری چالاکانەی ئەنفالو کیمیابارانو کاولکردنی دێهاتەکانی کوردستانی کردووەو، تۆمەتبارە بەتاوانی جینۆسایدکردنی خەڵکی سیڤیلی کوردو تاوانباری جەنگە، بۆیە داواکەی ئەوی بۆ وەرگرتنی مافی پەناهەندەیی پەسەند نەکرد!**

**دوای ئاشکەرابوونی نزار خەزرەجی لەکۆتایی سێپتێمبەری (2001)دا لەلایەن کوردەکانی دانیمارکو سکاڵا نووسینیان لەدژی ئەو تۆمەتبارە، یەکێک لەڕۆژنامە دانیمارکییەکان بەناوی (ئێکسترا بلاذ) نازناوی (ژەنەراڵی ژەهراوی) لەناوبراو ناو زۆر یارمەتیو هاوکاری ئێمەی کوردیان کرد، کەچی سەرکردە کوردەکانو یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، پارتی دیموکراتیی کوردستانو بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان کێچ کەوتە کەوڵیانو نامەی پشتیوانییان بۆ وەزیری دادی دانیمارکی ناردو، ئەو تۆمەتانەی کە (خەزرەجی) بۆ ئێمەی دروستکرد، ئەوانیش هەمان تۆمەتیان دایە پاڵمانو رۆژێک بەپیاوی سەددامو ئیستخباراتو رۆژێکی تر بە (پ.ک.ک)و کوردی دەرەوەی باشووری کوردستان ناویان دەبردین. لەهەمووی سەیرتر ئەوەبوو ئەندامێکی (م.س) یەکێ لەپارتە کوردستانییەکان لەڕۆژی (26.10.2002)دا لەژووری (پێشمەرگە دێرینەکان)دا باسی ئەوەیکرد کە خەزرەجی لەساڵی (1983)ەوە پەیوەندی بەوانەوە هەبووە تا رۆژی جیابوونەوەی لەڕژێمو دەرچوونی، کەچی دوای روخانی رژێم ئەو کەسە فایلی سیخوڕێتییەکەی بۆ رژێم ئاشکەرا بوو!!! لەکۆتایی مانگی یونی (2003)دا لە کوردستان بوومو لەنزیک شوێنی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی ئەو پارتە بووم، دوای ئەوەی بەرپرسی یەکەمی پارتەکە زانی (خاوەن فایل) بەرێگاوەیە بەمەبەستی هاتنو ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکەدا، ئەو بەرپرسە بەیەکێکی گوت: (تەلەفۆنی بۆ بکەنو بەناوی من بەو (.......) بڵێن با بگەڕێتەوەو نەیەتن بۆ هیچ کۆبوونەوەک، ئەگینا فایلەکەی لەگەڵ خۆم دێنم). ئەو فایلدارە لەترسی هەڕەشەی بەرپرسەکەی سەری شۆڕکردو ببڕای ببڕ جارێکیتر ئامادەی کۆبوونەوەکان نەبوو. ئەندامێکی تری (م.س) پارتێکی کوردستانی لە (20.4.2002)دا کۆڕێکی بەستو لەو کۆڕەدا پرسیاری ئەوەم لێکرد: ئایا هیچ نامەیەکی ناردووە بۆ وەزیری دادی دانیمارکی بەمەبەستی پشتیوانیکردن لە خەزرەجی؟ سەرەڕای ئەوەی کە نامەی ناوبراو بۆ وەزیری داد لەناو گیرفانمدا بوو، کەچی زۆر بێشەرمانە گوتی: نەخێر! لەوکاتەدا زۆر بەزەییم بەخۆمو میللەتەکەمدا هاتەوە کە کەسانی وا سەرکردەمان بێت!!!! ئەوەی شایەنی باسە نە ئەو سەرکردەیەو نەچەند سەرکردەیەکی تر (جگە لە کاک کۆسرەتو عومەر فەتاح) لەکاتی بانگکردنیان لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)دا ناوی (نزار خەزرەجی)یان وەکو تۆمەتباری ئەنفال، کۆمەڵکوژی کوردو کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو کوردستان نەهێناوە! بەڕاستی ئەگەر کەسێک لە ئێمە (هەموو ئەوانەی پشتیوانی دادگاییکردنی خەزرەجیمان دەکرد) دوای روخانی رژێم دەرکەوتایە**

که بەدەستی رژێم ئەو کارەی کردبێ، یان بۆچوونەکانی ئێمە هەڵە بووایەو خەزرەجی ئەو تاوانبارە نەبوایە کە ئێمە سکاڵامان لەدژیدا نووسیو لەهیچو خۆڕا تۆمەتبارمان کردبێ بە تاوانی جینۆسایدکردن، ئەنفالکردنی کوردو کاولکردنی دێهاتەکانی کوردستان، ئەوکاتە هەتا لەژیانمدا بمایە ویژدانم ئازاری دەدام، کەچی نازانم چۆن ئەوانەی داکۆکییان لەو تۆمەتبارە دەکردو پشتیان لەنەتەوەی کوردو کوردستانییەکان کرد، ویژدانیان ئاسوودەیە بەبێ ئەوەی داوای لێبووردن لەسەرجەم گەلی کورد بکەن بەهۆی ئەو هەموو داکۆکی کردنە نارەواو بێبنەمایانەی کە لە ناوبراویان دەکرد؟

تۆماتبار نزار خەزرەجی لە (3.10.2001)دا لەماڵەکەی خۆیدا دەست بەسەرکرا تاوەکو رۆژی هەڵاتنەکەی لە (15.3.2003)دا، کە لەرێگای سویدەوە بەرەو سوریاو دواتریش کوردستان دەڕواتو، پاش ماوەی نزیکەی مانگێکو دوای بێ ئومێد بوونی لە کوردستان بەرەو ئیمارات دەڕوات، لەوێ لەشارۆچکەی ئەلعەین (العین)ی خۆشگوزەران گیرسایەوە کە نزیکەی (20) کم دەکەوێتە خۆرهەڵاتی (ئەبوزەبی) پایتەخت. بەگوێرەی زانیارییەکانی دەسەڵاتدارانی دانیمارکی بۆ دواجار لەکۆتایی ساڵی (2004)دا لەو شارەدا بینراوە، دەنگۆی ئەوەش هەیە کە ئەوێی جێهێشتبێو ئێستا لە وڵاتی (نەمسا) مافی پەناهەندەیی هەبێ، هەندێکیش دەڵێن لە میرنشینی عارەبی سعودیە دەژیت، بەڵام دەسەڵاتدارانی دانیمارکی پێیان وایە تاوەکو ئێستاش هەر لە (ئیماراتی عارەبی)یە. سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتدارانی دانیمارکی چەندینجار پەیوەندییان بەوەزارەتی دەرەوەی ئیمارات کردووە بەمەبەستی وەرگرتنەوەی، بەڵام وەزارەتی دەرەوەی ئەو میرنشینە بەهیچ شێوەیەک وەڵام نادەنەوە، دانیمارکیش ناوێرێت زۆر پاڵەپەستۆ بکاتە سەر ئەو وڵاتە، چونکە لەوە دەترسێت وڵاتانی عارەبی (کێشەی وێنەکانی محەمەد) زیندوو بکەنەوە، هەروەها هیچ رێکەوتننامەیەکیش لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا نییە بۆ رادەستکردنەوەی تۆمەتبارو تاوانباران!

چوار لە تۆمەتبارانی ئەنفالکردنو جینۆسایدکردنی گەلی کوردستان، ئاماژەیان بەرۆڵی سەرەکی نزار خەزرەجی داوە لەدارشتنو جێبەجێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفالەکاندا، بۆ نموونە عەلی حەسەن مەجید، لەرۆژی (18.12.2004)دا لەکاتی لێکۆڵینەوەدا لەبەردەم دادوەری (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)دا، باسی ئەوەیکردووە کە فەرمانی جێبەجێکردنی ئەنفالەکانو کاولکردنی دێهاتەکانی کوردستانی لە سەددامو نزار خەزرەجی وەرگرتووە. عەلی حەسەن مەجید لەدانیشتنی (23.6.2005)دا لەگەڵ دادوەری دادگای ناوبراودا باسی ئەوە دەکات کە نزار خەزرەجی بۆ گرتنەوەی شارۆچکەی هەڵەبجە لە (16.3.1988)دا، داوای ئامادەکردنی (30) هەزار سەربازی لێکردووە، ئەویش رۆژی دواتر سەردانی خەزرەجی کردووە لە سلێمانیو، پاشانیش ئەو ژمارە سەربازەی بۆ ئامادەکردووە. لەکۆتاییشدا عەلی کیمیاوی دان بەڕاستی ئەو کۆبوونەوانەدا دەنێت کە لەسەر کاسێت تۆمار کراونو، نزار خەزرەجی لەیەکێ لەکۆبوونەوەکاندا ئامادە بووە، ئەو گلەیی ئەوەی لە نزار کردووە کە (تالع خەلیل ئەلدوری) فەرماندەی فەیلەقی (5) فەرمانەکانی ئەوی بەتەواوی جێبەجێ نەکردووەو دێهاتەکانی کاول نەکردووە.

هەروەها تۆمەتبار سوڵتان هاشم ئەحمەد جبوری، فەرماندەی فەیلەقی یەک لەکاتی شاڵاوەکانی ئەنفالدا، لەرۆژی (18.12.2004)دا لەکاتی لێکۆڵینەوەدا لەبەردەم دادوەری (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)دا، باسی ئەوە دەکات کە نزار خەزرەجی سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئەوکات رایسپاردووە بۆ جێبەجێکردنی ئەنفالی یەکەم. تۆمەتبار سوڵتان هاشم لەدانیشتنی (20.3.2005)دا لەگەڵ (د.ب.ت.ئ)دا دەڵێت: (لەناوەڕاستی کانوونی دووەمی ساڵی 1988دا لەگەڵ سەرۆکی ئەرکانی سوپا (نزار خەزرەجی)و یارمەتیدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا بۆ چالاکییە سەربازییەکان (حوسێن رەشید تکریتی) کۆبوومەوەو باسی ئەنفالیان بۆ کردم، سەرۆکی ئەرکان (دۆسێی ئەنفال)ی دامێو داوایکرد بچم بۆ سلێمانی. لەکاتی ئەنفالیشدا هەموو فەرمانەکانم لەو دوو کەسەوە بۆ دەهات).

تۆمەتبار سابیر عەبدولعەزیز ئەلدوری بەڕێوەبەری ئیستخباراتی سەربازی، لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەی (د.ب.ت.ئ)دا لەرۆژی (19.9.2005)دا گوتوویەتی: پلانە گەورەکانی وەک شاڵاوەکانی ئەنفال لەلایەن سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپاوە دادەنرێت).

تۆمەتبار حوسێن رەشید تکریتی، یارمەتیدەری سەرۆکی ئەرکانی سوپا لە (12.9.2005)دا لەبەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەی (د.ب.ت.ئ)دا گوتوویەتی: تاوانبارانی سەرەکی ئەنفال سەددام حوسێن، عەلی حەسەن مەجیدو نزار خەزرەجین).

سەرەڕای هەموو دانپێدانانەکانی نزار خەزرەجی لەلای پۆلیسی دانیمارکیدا بەجینۆسایدکردنو ئەنفالکردنی کوردو، کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو دێهاتەکانی تری کوردستانو سڕینەوەی نزیکەی (4500) دێهاتی کوردستانو، دانپێدانانەکانی هاوەڵە ئەنفالچییەکانی خۆی لەبەردەم (د.ب.ت.ئ)دا، ئاماژە بە گەواهیدانی چەند شایەتێک دەدەم بۆ دڕندەییو نامرۆڤایەتی ئەو تۆمەتبارە (سەددامی)یە! یەکێک لەشایەتەکان بەناوی (خ.خ.م.خ) دانیشتووی کەرکوک، لەساڵی (1985-1988) سەرباز بووە لە هێزی پاسەوانی نەوت (قوة حماية النفط)دا لای تاوانباری گۆڕبەگۆڕ سەرتیپ روکنی هێزی تایبەت (العميد ق.خ. الركن بارەق عەبدوڵڵا حاجی ئەلحنتە)و، لەنزیکەوە ئاگاداری شەڕی (شێخ جیری) بووە کە لەڕۆژی (16.5.1987)دا لەو دێیەدا لەنێوان پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک)و (حزبی شیوعی کوردستانی) لەلایەکو هێزەکانی بەعس لەلاکەی ترەوە روویدابوو. لەو شەڕەدا هێزی پێشمەرگە توانی زیانێکی زۆر لەو هێزەی بارەق بداتو (162) کوژراوو بریندراری لێکەوتەوە. دوای تەواوبوونی شەڕەکە دەمودەست نزار خەزرەجی بەهۆی چەند کۆپتەرێکەوە دەگاتە شوێنی شەڕەکەو، بەسەر (بارەق عەبدوڵڵا)دا هاوار دەکاتو پێی دەڵێت: (تۆ چۆن سەرکردەیەکی؟ چۆن دەبێت ئەو هەموو قوربانییە بدەیت، لەکاتێکدا کە هەموو سوپای ئوممەی عارەبیت بەدوای خۆتدا داوە؟ بۆ ئەو فەرمانانەی ئێمە پێت رادەگەیەنین هەمووی جێبەجێ ناکەیت؟ ئەگەر جێبەجێت کردایە (162) قوربانیت نەدەدا!! ئەوەش دەیسەلمێنێ کە خەزرەجی لەنزیکەوە سەرکردایەتی هەموو شەڕەکانی دژ بەکوردی کردووە!

شایەتێکی تر بەناوی (خ.ح.م) دانیشتووی سلێمانی کە لە تیپی (7)ی پیادە بووە، باسی ئەوە دەکات کە لە (11.10.1981)دا فەرماندەی تیپی ناوبراو (سەرتیپی روکن نزار خەزرەجی) بەهاوکاری سەرتیپ (نەجات شوکری مستەفا) فەرماندەی خوێندنگای جەنگی تیپەکە (امر مدرسة قتال الفرقة)و، سەرهەنگی روکن (بورهان خەلیل) ئەفسەری هەواڵگری تیپەکە کە دانیشتووی موسڵ بوو، لەگەڵ جیداری هەواڵگری (عەلی عەلوان) کە (25) ئەفسەرو سەربازیان گوللەبارانکردووە.

شایەتێکی تر کە عارەبە بەناوی (سائیر یاسر حوسێن هیندی) کە لەساڵانی (1981-1984) لەهەمان تیپدا سەرباز بووە کە خەزرەجی فەرماندەی تیپەکە بووە. سائیر هیندی باسی ئەوە دەکات کە نزار خەزرەجی بەهاوکاری مولازم موحسینی فەلەستینی، زۆرجار لە گازینۆکانی سەرچنارو ناو سلێمانیو دێهاتەکانی دەوروبەر لەو بۆسانەی کە دایان دەنا خەڵکی بێتاوانیان دەستگیر دەکردو، بەزۆر دەیانکردن بە پێشمەرگە یان هاوکارانی پێشمەرگەو، لەناو سەربازگەی تیپی (7)دا گوللەبارانیان دەکردنو، لەگۆڕستانی (چوارباغ)دا کە دەکەوێتە پشت بارەگای تیپ بەدزی کەسو کارەکانیان دەیانناشتن، بەگوێرەی قسەکانی شایەتی ناوبراو بەدەیەها جار ئەو گوللەبارانکردنانە دووبارە بوونەتەوە.

دوو سکاڵاکار لەوانەی کە (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق) لەمانگی یەکی (2005)دا لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کردوون، یەکەمیان (پارێزەرێکە) کەبراکەیو کوڕی خوشکی، ئەوەی تریشیان (خانەنشین)ەو کوڕەکەیو خاڵی کوڕەکەی، ئەو چوارە لەگەڵ چەند کەسێکی تردا کەژمارەیان (11) کەس بووە، لەڕۆژی (14.4.1987)دا لەنێوان هەردوو دێی (ئالیاو و گورگدر)دا لەناوچەی چوارتا دەبن، دوای ئەوەی هێزەکانی رژێم پێیان دەزانن، نزار خەزرەجی بەهێزێکی گەورەو بەپاڵپشتی چەند فڕۆکەیەک پەلاماریان دەدەن، فڕۆکەکان دەستبەجێ پێنجیان لێ شەهید دەکەنو شەشەکەی تریش بەبرینداری دەگیرێن، برای سکاڵاکاری یەکەمو کوڕی سکاڵاکاری دووەم لەنێو بریندارەکان دەبن. هێزەکەی خەزرەجی تەرمی هەر (5) شەهیدەکەو (6) بریندارەکەش دەبەن. کەسوکاری ئەو (11) کەسە هیچ هەواڵێکی رۆڵەکانیان نابیستن تاوەکو ئاداری (1994) کاتێک کە جووتیارێک زەوی دەکێڵێت لەنزیک سەربازگەی (سیتەک)و جلوبەرگی یەکێکیان لەگەڵ گاسنی جووتی جووتیارەکە دەردەکەوێت، بەمە دەزانن کە ئەو شوێنە گۆڕێکی بەکۆمەڵی تیایە، لەبەرئەوە لە (24.3.1994)دا شوێنەکە هەڵدەدەنەوەو ئێسکو پرووسکی (11) کەس دەردەکەوێت، بەناسنامەکانیان دەزانرێت ئەوانە بریتین لەو (11) کەسەی کە لە (14.4.1987)دا لەناوچەی چوارتا تووشی کارەساتێکو دواتر بێسەرو شوێن کران. بەهۆی کاتژمێری یەکێک

لەبریندارەکان بەناوی (هۆشیار سەعدون سەعید) دەرکەوت کە شەش بریندارەکە لەڕۆژی (16.4.1987)دا گوللەباران کراونو لەگەڵ پێنج شەهیدەکە لەناو یەک گۆڕدا بەجلەکانیانەوە نێژراون، چونکە کاتژمێرەکە لەو ڕۆژەدا وەستابوو.

بۆ سەلماندنی راستی قسەکانی شایەتەکان ئەو بەڵگەیە دەخەمەروو کە بریتییە لە گوللەبارانکردنی (7) رۆڵەی شاری هەڵەمەتو قوربانی (شاری سلێمانی) بەبڕیارو بەدەستی تاوانبار (نزار عەبدولکەریم خەزرەجی) فەرماندەی فەیلەقی یەک. نووسراوەکەی فەیلەقی یەک لەبەرواری (8.7.1987)دا واتە تەنها (6) رۆژ بەرلەوەی خەزرەجی ببێتە سەرۆک ئەرکانی سوپا بۆ نووسینگەی عەلی حەسەن مەجیدی ناردووە. بەگوێرەی ئەو نووسراوە خەزرەجی ئەو حەوت کەسەی لەڕۆژی (5.7.1987)دا گوللەبارانکردووە کە ئەمانەن:

1. ئاوات مەحمود فارس.
2. تۆفیق فارس عەزیز.
3. عەلی محەمەد ئەحمەد.
4. سەدیق محەمەد ئەحمەد.
5. جەبار ئەحمەد محەمەد.
6. حەمە ساڵح کەریم محەمەد.
7. جەلیل کەریم محەمەد.

بەگوێرەی نووسراوەکەی خەزرەجی، هەردوو شەهیدەکەی یەکەمو دووەم گوایە لەبەرئەوە گوللەباران کراون چونکە دکتۆرێکو برینپێچێکیان لەبری (1200) دینار ئاودیوی ئێران کردووە. هەروەها شەهیدانی سێیەمو چوارەم گوایە لەدوای بەرگریکردنو رووبەڕووبوونەوەی هێزی پاسەوانی نەوت لەشەڕدا گیراون. هەر بەپێی نووسراوەکەی خەزرەجی، شەهیدانی پێنجەم، شەشەمو حەوتەمیش گوایە کەوتوونەتە ناو بۆسەی فەرماندەی هێزەکانی (44)و، ئەو سێ کەسە سەر بە هێزەکانی پشتیوانی (پێشمەرگە)بوونەو چەندین چالاکییان لەدژی هێزەکانی بەعس ئەنجام داوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج بێت بۆ هەموو لایەک ئەوەیە کە بەبێ هیچ دادگاییکردنێکو، بەبڕیارێکی نزار خەزرەجی هەر حەوتیان گوللەباران کراون. هەمووشمان دەزانین کاتێک کە هێزەکانی سەددام کەسێکیان دەستگیر بکردایە لەئەنجامی ئازارو ئەشکەنجە بوایە یان بەزۆرو فرتوفێڵ بوایە وایان لە دیلەکە دەکرد کە خۆی بکات بەو شتەی ئەوان داوای لێدەکەن، جاری واش هەبوو کەسەکە بەرگەی ئەو ئازارو ئەشکەنجە دڕندانەی نەدەگرتو، ئەوانیش بەئارەزووی خۆیان چیرۆکێکیان بۆ دەڕازاندەوە بۆ ئەوەی لەسێدارە بدرێت!! یان هەروەکو سائیر هیندی باسی دەکات بەزۆر دەیانکردن بە پێشمەرگە یان هاوکارانو یارمەتیدەرانی پێشمەرگە بۆئەوەی گوللەبارانیان بکەن!

وەکو دەستخۆشییەک (سەرکردایەتی نووسینگەی رێکخستنی باکوور)ی (حزبی بەعسی عارەبی سۆسیالیستی)یش بەنووسراوی ژمارە (5083)، لە (12.7.1987)داو بەواژۆی (تاهیر تۆفیق ئەلعانی) سکرتێری لیژنەی کاروباری باکوور، وەڵامی (فەیلەقی یەک)ی داوەتەوەو نووسیویتی: (هەڤاڵ عەلی حەسەن مەجید ئەو روونکردنەوەی لەسەر نووسراوی ژمارە (352)ی (8.7.1987)ی ئێوەدا هەبوو: هیچ نارەزاییەکمان سەبارەت بە سەر پەڕاندنی ناپاکان نییە، بەڵام باشتروابوو بۆ (دەزگای ئەمن)تان بناردانایە بەمەبەستی لێکۆڵینەوە کە لەوانەبوو سوودی تریان لێوەرگرتنایە بەر لە گوللەبارانکردنیان).

**دەرسیم دیبەگەیی**
Darsim2006@hotmail.com

١٩٥٥ ٥٥٥ صادر
١٢/٧

بسم الله الرحمن الرحيم

(( من يقاتل بشرف يستحق المجد ))

قيادة الفيلق الاول / رئيسي
شعبة الامن الداخلي
الاستخبارات
الرقم / اس / ق٢ / ٢٦ / ٥٠٠٥
التاريخ ٨ تموز ١٩٨٧

سري وشخصي

١٢/٧

الى / قيادة مكتب تنظيم الشمال

الموضوع / اعدام مجرمين

١. القت مفارزنا القبض على المجرمين المدرجة اسمائهم ادناه لقيامهم بالاعمال التخريبية وهم كل من :-
أ. المجرم آوات محمود قادر
ب. = توفيق قادر عزيز
ج. = علي محمد احمد
د. = صديق محمد احمد
هـ. = جبار احمد محمد
و. = حمه صالح كريم محمد
ز. = جليل كريم محمد

٢. اعترف المذكوران بالفقرتين (أ) و (ب) عن قيامهما بتهريب كل من الدكتور عبد الستار سيف من اهالي بغداد والعميد ناصر شدان من اهالي ذي قار الى جانب العدو الايراني عن طريق زمرة عملاء ايران مقابل مبلغ قدره (١٢٠٠) الف وثلاثمائة دينار علما" ان المذكور بالفقرة (ب) احد اولاده حاليا" في ايران ويدعى (ياسين) .

٣. المذكوران بالفقرتين (ج) و (د) القي القبض عليهما من قبل دوريات قيادة قوات حماية الدفاع في قرية بيواسمان وقد قاوموا الدورية وكان عددهم (١٢) شخص واصيب المذكور بالفقرة (د) بطلقتين نارية وعثر في مكان الحادث على مسدس حجم (٩) ملم .

٤. المذكورين بالفقرات (هـ) و (و) و (ز) القي القبض عليهم من قبل قيادة قوات / ٤٤ اثناء قيامها بواجب نصب كمين على طريق تدفق المخربين بالقرب من قرية ببيجك العليا وتبين انهم مخربين (مقاومة شعبية) ويدعون الى فوج / ٢٢ سوران واعترفوا عن قيامهم بعدة عمليات تخريبية ونفذها عليه

(١ ـ ٢)
سري وشخصي

وضعهم في عجلة دورية العائدة الى الجيش الشعبي وادى الحادث
الى استشهاد ثلاثة مقاتلين واستولوا على العجلة .

٥. بعد التحقيق مع المذكورين بالمادة (١) اعلاه واعترافهم بجرائمهم المذكورة تم تنفيذ حكم الاعدام بحقهم رميا بالرصاص يوم ٥ تموز ٨٧ ، ليكونوا عبرة لغيرهم .

يرجى التفضل بالاطلاع ... مع التقدير .

الفريق الركن
نزار عبد الكريم فيصل
قائد الفيلق الاول

نسخة الى
قيادة فرع الرشيد العسكري — يرجى التفضل بالاطلاع ... مع التقدير .
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة (ش٢) — يرجى الاطلاع .

حزب البعث العربي الاشتراكي
القطر العراقي
قيادة مكتب تنظيم الشمال

امـة عربية واحـدة
ذات رسـالة خالـدة

العدد / ٢٨٠٨ ( مكتب السكرتارية ) (( سري وشخصي ))

التاريخ / / ١٩٨٧

الى : قيادة الفيلـــق الاول

م/ اعـدام مجرميـــن

تحية رفاقية

---

كتابكم السري والشخصي ٣٥٢ فـــي ١٩٨٧/٧/٨

علق الرفيق المناضل علي حسن المجيد ـ مسؤول مكتب تنظيم الشمال على ماجاء بكتابكم اعـلاه مايلـــي .

( ليس لدينا اعتراض على قطع رؤوس الخونة ولكن كان الافضل ارسالهم الـــى الامن للتحقيق معهم ايضا " فلربما يجدون لديهم امورا " اخرى يستفـــاد منها قبل اعدامهــم ) .

يرجى الاطـــلاع ... مع التقديـــر .

طاهر توفيق
سكرتير لجنة شؤون الشمـــال

نسخة منـه الـــى /

قيادة فرع الرشيد العسكـــرى
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة

كتاب القيادة اعـلاه . يرجى الاطلاع مع التقديـــر .